وەزیری خوێندنی باڵای عێراق کرێی خوێندنی ماستێر و دکتێرا کەمدەکاتەوە

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی عێراق، ڕەزامەندیدا لەسەر کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی خوێندکارانی ماستێر و دکتێرا بە ڕێژەی ٢٥٪ و ٥٠٪.

ئەمە پێنجشەممە ، بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، دوو جەر داشکاندن بە کرێی خوێندنی قوتابیانی ماستێر و دکتێرا بە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ دەکرێت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، کەمکردنەوەی کرێی خوێندن بە ڕێژەی ٥٠٪ بە هەموو ئەو خوێندکارانەیە کە لەسەر کورسی گشتی و تایبەت وەرگیرابوون، بەڵام بەهۆی بەیاری گواستنەوە ناچارکراون بەشێوازی پارالێل و بە پارە خوێندنەکەیان تەواو بکەن.

داشکاندنەکەی دیکەش هەموو خوێنکارانە دەگرێتەوە کە لە بنەڕەتدا بە شێوازی تایبەت (پارالێل) وەرگیراون، کرێی خوێندنیانی سەرجەمیان بە ڕێژەی ٢٥٪ کەمدەکرێتەوە بە هەموو ساڵەکانی خوێندنیان.